# ڕامانێکی کورت بە دیار 'یادەوەری' یی 'ئەندرێ مالرۆ' وە..

ئارام سدیق

ماڵپەڕی ئەندێشە

دوو ساڵ لەمەوبەر وتارێکم لەسەر چێژی خوێندنەوە نووسی، لەو وتارەدا باسم لەوە کرد، ڕاستە سەفەری زۆرم نەکردووە، بەڵام سەفەری من بەنێو کتێبەکاندا بووە، یان لەڕێی کتێبەکانەوە بووە. هەر لەوێدا نووسیم:" من لەو کەسانەم کە سەفەری زۆرم نەکردووە، بێجگە لە دوو وڵاتی دراوسێ و چەند شارێکی کەم نەبێت نەگەڕاوم، بەڵام لە ڕێی کتێبەکانەوە چوومەتە ئەرجەنتین و (بۆرخیس) ڕێنیشاندەرم بووە، چوومەتە کۆڵۆمبیا و (مارکیز) هاوسەفەرم بووە...." بەڵام لەسەفەری ئەم چەند ڕۆژەی پێشوومدا هاوسەفەری "نایادەوەری"ی ئەندرێ مالڕۆ بووم و چوومە میسر و هیندستان و لەوێوە بۆ سەنگافورە و چین و دواتریش ئەڵمانیا و فەرەنسا و زۆر جێگەی دیکە. ماڵڕۆ لە نایادەوەرییەکاندا بۆ زۆرجێگە داوەتمان دەکات و زۆر کولتوور و ئایین و ژیانی نەبینراو و نەژیاومان بۆ دەخاتەڕوو، چونکە ئەو زۆر ژیان ژیاوە و زۆر سەرزەمین ماڵ و مەسکەنی ئەو بووە، کە ڕەنگە ئێمە هەرگیز پێی نەگەین.

نایادەوەری، کتێبێکی قەبارە گەورەی ئەندرێ مالرۆیە، کە دلاوەر قەرەداغی کردوویەتی بە کوردی و ناوەندی رۆشنبیریی ئەندێشە لە دوتوێی 994 لاپەڕەدا چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. ئەم کتێبە نایادەوەرییەکانی نووسەرە بە زۆر جێگە و زۆر مەملەکەت و هەوڵێکە بۆ ڕاکردن لە یادەوەریی ساختە و خۆبەپاڵەوانکردن، بەڵکو ئەمە گێڕانەوەی ئەو ئازارانەیە، کە مرۆڤایەتی لە ماوەی چەند دەیەیەکی سەدەی بیستەمدا چەشتوویەتی.

سەرەتای نایادەوەرییەکانی ماڵڕۆ لە کریتەوە دەست پێدەکات و لەم بەشەدا بەر زۆر ئەندێشەی جوانی ماڵڕۆ دەکەوین بەتایبەتیش ئەم بەشەدا باس منداڵی خۆی دەکات و باس لەوەش دەکات، کە مرۆڤ لەم جیهانەدا زۆر لەوە بەدبەختترە، کە مەزندە دەکرێت. ماڵڕۆ لە جێگەیەکدا لەبارەی منداڵی خۆیەوە دەنووسێت: "نزیکەی هەموو ئەو نووسەرانەی دەیانناسم بە منداڵی خۆیانەوە نووساون، من بەش بە حاڵی خۆم ڕقم لە منداڵی خۆمە." ڕەنگە ئەم ڕقەی ماڵڕۆ لەوێوە هاتبێت، کە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا خۆی بڕیاردەر نییە

لە ژیانیدا و دەوروبەر ژیانی ئاڕاستە دەکەن. هەر بۆیە ماڵڕۆ لە منداڵی خۆی هەڵدێت و بە نەفرەتی دەکات. پێدەچێت ئەمەش پەیوەندی بەو ڕۆحە یاخی و سەرکەشەی ئەم نووسەرەوە هەبێت، یان ئەو ڕۆحە گەڕیدەئاسایەی کە بەردەوام ویستوویەتی گەشت بکات و بە سەرزەمینی نوێ ئاشنا بێت و بەر مرۆڤ بکەوێت لەنێو کولتووره جیاوازەکاندا، لە بەشێکی دیکەدا ماڵڕۆ وەکو مرۆڤناسێک (ئەنثرۆپۆلۆژیستێک) دەردەکەوێت و بۆچوونی خۆی لە ڕستەیەکی سەرنجڕاکێشدا لەو بارەیەوە دەخاتەڕوو و دەنووسێت: "کاتێ مرۆڤ دەچێتە بنجوبنەوانی شتەکان، ئەوسا بۆی دەردەکەوێت کە مرۆڤی کامڵ بوونی نییە." یان لە جێگەیەکی دیکەدا خۆی ئاماژە بە گوتەی یەکێک لە کاراکتەری ڕۆمانەکانی دەکات کە دەڵێت: "ئینسان بریتییە لەوەی دەیکات". لە جێگەیەکی دیکەشدا دەڵێت: "ئینسان چییە؟ هەمبانەیەکی گچکە و ناچیزەیە لە نهێنیگەل". لەم بەشەدا زۆر زیاتر بە وردبوونەوە لە مرۆڤدا ڕۆدەچێت و لە چەند شوێنێکدا ڕامانی خۆ دەخاتەڕوو تا لە جێگەیەکدا دەنووسێت: "دوور نییە لە قەڵەمڕەوی چارەنووسدا، بەهای ئینسان زیاتر وابەستەی قووڵیی پرسیارەکانی بێت تا وەڵامەکانی. "

هەر لەم بەشەدا لەبارەی ناونانی ئەم کتێبەکەشەوە دەنووسێت:" من ئەم کتێبە ناودەنێم نایادەوەری، لەبەر ئەوەی وەڵامگۆی پرسیارێکە کە کتێبەکانی یادەوەری نایکەن و وەڵامی ئەو پرسیارانەش ناداتەوە کە کتێبەکانی یادەوەری دەیکەن".

ئەندرێ ماڵڕۆ دوو ڕووداوی خۆکوشتن کاریگەریی زۆریان لەسەر ژیانی هەبووە ئەویش یەکەمیان خۆکوشتنی باپیری و دووەمیشان خۆکوشتنی باوکی بووە. کاتێک باپیری خۆی دەکوژێت زۆر پرسیار دەوروژێنرێت و بەتایبەت لەگەڵ باوکیدا گفتوگۆی ئەم پرسە دەکەن. ماڵڕۆ لەبارەیەوە دەنووسێت:" باوکم گوتی، قسەی زۆر گێلانەم لەبارەی خۆکوشتنەوە بیستوون، بەڵام کەسێک، کە بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە خۆی کوشتبێ، جگە لە ڕێز و ستایش زیاتر، هەستم بە هیچ شتێکی تر بەرامبەری نەکردووە. ئەوەی کە خۆکوشتن کارێکی ئازایانەیە یان نا. ئەوە تەنها بەلای کەسانێکەوە گرنگە کە خۆیان نەکوشتووە." پێدەچێت بەشێکی دیکەی ئەو ڕۆحە گەڕیدەییەی ماڵڕۆ بەهۆی کاریگەریی ئەم خۆکوشتنانەوە بێت کە نەیویستووە لە تەنها وڵات و جێگەیەکدا بمێنێتەوە و بەردەوام گەشتی کردووە و وڵات و سەرزەمینی جۆراوجۆری بەسەرکردۆتەوە. ئەگەرچی بەشێک لەم سەفەرانە بەهۆی کاریشەوە بوبێت، بەڵام ئەم نووسەرە ڕۆحێکی گەڕیدەئاسای هەبووە، تا رۆحی ئەویش وەکو باپیر و باوکی بەرەو داڕووخان و هەرەسهێنان نەچێت.

ئەگەر بەشێکی زۆر لە ژیانی ماڵڕۆ لەنێو دونیای سیاسەت و بە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی لە وڵاتان بەسەر بردبێت و چەند ساڵێکیش وەزیری کولتوور بووبێت، بەڵام هەمیشە لە ئەدەب و هونەر نزیک بووە و نووسین بەشێکی گرنگ بووە لە ژیانی. لە جێگەیەکدا

ڕستەیەکی سەرنجڕاکێش لەبارە گەڕانی خۆیەوە بە دونیادا دەنووسێت، کە ڕستەکە ئەمەیە: "چاوەڕێ نیم جگە لە هونەر و مردن، هیچ شتێکی تر بدۆزمەوە. "

بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ باسکردن لە وڵاتی میسر و ئەو شارستانییەتەی کە هەیەتی. مالڕۆ ناتوانێ سەرسامی خۆی بەو وڵاتە بشارێتەوە و لەم بەشەدا هەڵوەستەی زۆر لەسەر ئەم شارستانییەتە دەکات. لە جێگەیەکدا ئاماژە بە قسەیەکی مولبێرگ دەکات کە دەڵێت:"میسر داهێنەری ڕۆحە". بەڵام مالڕۆ خۆی لەبارەی میسرەوە دەنووسێت: "دەتوانرێت لەوە دڵنیاتر بوترێت سەفا و ئارامی بۆ جیهان هێناوە". ئەوەی مالڕۆ دەگەیەنێتە ئەم بڕوا و سەرسامییە ئەو چاوەیە کە ئەو بۆ بینینی شوێن و کولتوورە جیاجیاکان هەیەتی، کە جیاوازە لە چاوی ئاسایی. ئەم نووسەرە لەو جۆرە نووسەرانەیە، کە چاوێکی دیکەی هەیە بۆ بینینی دونیا و دیاردەکانی نێوی هەر بۆیە قووڵتر لە مرۆڤی ئاسایی و لە نووسەرانی دیکە ڕادەمێنێت.

یەکێکی دیکە لەو شتانەی کە لەم وتارە کورتەدا شایستەی لەسەر وەستانە ئاماژەکردنی مالڕۆیە بۆ چەند قسەیەکی یەکێک لە سەرکردە کۆمۆنیستەکانی ڕوسیایە، کە مەکسیم گۆری لێی دەپرسێت ڕات لەسەر ڕۆمانی تاوان و سزای فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی چییە؟ ئەویش دەڵێت: "ئەو هەموو بێنەوبەردەیە لە پێناو تاقە پیرەژنێکدا". ئەم ڕستەیە چەند سادە بێتە بەرچاو. بەڵام مانای قووڵی لە خۆگرتووە و دەتوانین بڵێین لە هەناوی ئەو مۆدێلە ستالینییەی کۆمۆنیزمەوە هاتۆتە دەرەوە، کە هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤ دانەدەنا و ڕێزی ئینسان لە خراپترین دۆخدا بوو. ئەو مۆدێلە ستالینییەی کۆمۆنیزم کە لە ماوەی ساڵانی حکومیدا زیاتر لە پەنجا ملیۆن مرۆڤی بەرەو مەرگ ڕاپێچ کرد. بۆیە بۆی گرنگ نییە، کە نووسەرێک ڕۆمانێک لەسەر کوشتنی پیرەژنێک بنووسێت.

دواجار ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم ئەوەیە کە ئەم کتێبە زۆر جێگە و کولتووری جۆراوجۆری بەسەرکردۆتەوە و زۆر لایەنی سیستمە سیاسییەکانی خستۆتەڕوو هەر لە چینی کۆمۆنیزمەوە بۆ کۆمۆنیزمی ڕووسی و لەوێشەوە بۆ نازیزم و زۆر سیستمی سیاسی دیکە. ئەمە بێجگە لەو وردبوونەوە و ڕامانانەی مالڕۆ لە کولتوورە جۆراو جۆرەکانی ڕۆژهەڵات، کە بەداخەوە نەمتوانی لەم نووسینەدا زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەم. ئەم نووسینە تەنها چەند دڵۆپێکە بۆ پیشاندانی دەریایەک نایادەوەری مالڕۆ، کە نەک خوێندنەوەی بۆ خوێنەری کورد پێویستە لاموایە بۆ ئەوەی سەفەر بەنێو مێژووی سەدەی بیستدا بکەین و سەفەرێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە بێت دەبێت لەم کتێبەوە دەست پێ بکەین، چونکە هەمیشە مێژووی ڕاستەقینە نووسەر و ڕۆماننووسان دەینووسنەوە، نەک مێژوونووسان. بۆیە بۆ ئەوەی بەر مێژووی ڕاستەقینەی سەدەی ڕابردوو بکەوین، باشترە

لە یاداشتەکانیماڵرۆوە دەستپێبکەین، کە لامواییە مێژووی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتیش لەم کتێبەدا نووسراوەتەوە.

دەستخۆشی بۆ شاعیر و وەرگێڕ دلاوەر قەرەداغی کە بە پشوودرێژییەوە کاتی بۆ ئەم تێکستە تەرخان کردووە و کروویەتی بە کوردییەکی جوان و خوێنەر هەست دەکات ماڵرۆ بە کوردی نووسیویەتی. بەهیوای بەرهەمی نوێتر و بەردەوامی...